

# سەمەد بێهرەنگی

## ئەفسانەیەك
## بە نیوە ناچڵی مایەوە

باران

لە فارسییەوە: ڕەنو



سەمەد بێهرەنگی

ئەو ڕۆژەی (1967) کە هەواڵی مردنی لە ناکاو خنکانی (سەمەد بێهرەنگی) لە چۆمی ئاراسدا دەماودەم بڵاوبۆوە، چەندین پەرچەکردار لە ناوەندە ئەدەبی و زانکۆیی و پەروەردەییەکان بەگشتی و بەتایبەت لە نێو توێژی ڕووناکبیران و نوسەراندا سەریهەڵدا، ئەو ڕۆژگارە هەموو خەڵك دەیانوت ئەمە کاری (ساواك)ە، ئێستاش پاش تێپەڕینی زیاتر لە (49 ) ساڵ هەر لە بازنەیەکی نادیار و گوماناویدایە. ئەم مردنە کتوپڕە بەو پێیەی ژیانێکی پڕمەینەتی و بەنرخ باکگراوندی بوو، بووە مایەی حەساسیەتێکی زۆر، ئەمەش سەمەدی جاویدانی کرد.

خنکانی سەمەد بابەتی ئەم نوسینە نییە، ئەگەرچی لێرەدا جێی وتن و نوسین زۆرە، بەڵام ئەم نوسینە چاوخشاندنێکی خێرا و ڕوانینێکی کورتە بۆ سەمەد، تا بزانین چیکردووە و چۆن ژیاوە؟ گەشتێکی کورتە بە ژیانی کەسێك، کە مردن زۆر بەئاسانی هاتەسەر وەختی، هەر وەك خۆشی لە بەشێکی چیرۆکی (ماسییە ڕەشە چکۆلەکەدا دەڵێت" مردن زۆر بەئاسانی دەتوانێ هەر ئێستا بێتە سەر وەختی من، بەڵام من تا ئەوکاتەی کە دەتوانم بژیم، نابێ بڕۆم بە پێری مەرگەوە، ڕۆژێك لە ڕۆژان کە دەبێ بەناچاری لەگەڵیدا ڕووبەڕووببمەوە، بەرەو پیری دەچم و هیچ لام گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە کە ژیان و مەرگی من چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی خەڵکی تر دەبێت).

سەمەد لە خێزانێکی هەژار و دەستکورت (حوزەیرانی 1939)لە شاری تەورێز چاوی بەدنیا هەڵێهناوە، دنیای منداڵی بەڕۆحێکی ناسك و لە سروشتێکی بێبەزەیی سەرکەشدا بەسەربرد، پاشان چووە قوتابخانە، هاوکات سەرگەرمی کارکردن بوو بۆ خێزانەکەی، لەکاتێکدا باوکی بۆ کرێکاری چوو بۆ قەفقاز، بەڵام ئیتر نەیبینیەوە، سەرئەنجام چووە پەیمانگای مامۆستایان و لەتەمەنی 18 ساڵیدا پیشەی مامۆستایەتی هەڵبژارد، ئەم هەڵبژاردنە لەوشیاری و خۆشەویستی بۆ دنیای منداڵان و ڕاستگۆییەکی لێوڕێژی لە کارو ئامانجە کۆمەڵایەتییەکانییەوە سەرچاوەیدەگرت. ئەو لە کاتی مامۆستایدا پەی بەو کەلێنە گەورەیەی نێوان سەرگەرمبوون بەکاروباری مامۆستایەتی و فێرکردندا دەبرد.

ئەو لەو زەمەنەدا _ کە چەمك و دروشمەکانی (بەرەو شارستانیەتی مەزن) گوێی دنیای کەڕکردبوو، یەك لایەنە و بەتەنیا چووە جەنگ و ململانێوە لەگەڵ ماموستایانی مەزن و خاوەن خەڵاتی وەك (عیسا سیدق و دیل کارنگی) و ئەو پڕۆگرامانەی لادا، کە وەکو هەوێنی شێوازی نوێی پەروەردە و ئاوێنەی

ژیانی دەخوێنراو بڵاودەکرایەوە، بە کۆمەڵە وتارێکی بەزر و بێهاوتا و هاوکات بوێرییەکی زۆر لەگەڵ خستنە ژێر سانسۆڕی شاهانەی ئەو ساداو بەوردبینیەوە سەرگەرمی مەسەلە پەروەردەییەکانی ئێران و خستنەبەر ڕەخنەیانەوە بوو.

سەمەد دنیایەکی باشتر و مرۆڤایەتی لەبەرچاو بوو، ئەو گشت کۆمەڵگەی وەکو کۆمەڵە مرۆڤێك سەیردەکرد، کە پەیوەندی بەرهەمهێنەرانەو بەشێکی زۆری دانیشتوانیان ستەمکارانە خستۆتە پەراوێزەوە و ئەم زۆرینەیە لە دنیایەکدا کە پڕە لە نادادوەری، یەخەگیری دەردێکی هاوبەشی ئەم پەیوەندییە زاڵمانەن، ئەو باش دەزانێ، کە ئەم پەروەردە باوە و ئەم شێوازە بە نەریت بووە، تەنیا بەهۆی بەردەوام بوون و هەنگاوانی زیاتر ئەم بۆنە کۆمەڵایەتییە ستەمکارانەیە بەرجەستەبووە.

ئەو بەباشی دەرکی بەوە کردبوو، کە دەبێت لەگەڵ ئەم کاروانەدا بجەنگێ و (پێشنیارێکی نوێ) بخاتەڕوو، هەروەها لە نێو گوندنشیناندا جێبکاتەوە و هۆگری ژیانی سادەو ساکاریان بێت.

سەمەد ترادسیۆنە دەستکرد و باوەکانی تێکشکاند و بەرەفتارێکی دۆستانەوە، پەیوەندی لەگەڵ سۆز و دەروونی منداڵان و گوندنیشیناندا دروستکرد و گونجاو لەگەڵ توانا و واقعی ژیانی خەڵك، بەشێوەیەکی ماندووناسانە سەرگەرمی پیشەی مامۆستایەتی بوو، ئەو بۆ یەکەمجار کتێبی (ئەلفبێی ئازەری) نوسی، تاوەکو منداڵانی ئازەری بتوانن بەزمانی دایکی خۆیان و بە ئاسانی فێری خوێندنەوەو نوسین بن و هز و ئەندێشەی خۆیان دەرببڕن.

سەمەد لە ئەدەبیات بەدەر لەپرۆگرامی خوێندنی منداڵان و نەوجەوانانیشدا بێئاگا نەبوو، ئەمە بۆ خۆی مەیدانێکی گرنگی لە کار و ئامانجەکانی پێکدەهێنا، ئەو بەباشی دەرکی بەوە کردبوو، کە ئەو دنیا فەنتازیانەو خەونانەی (شاری پەریان) و (سەندرێلاکان) ژیانی شازادەکان و ئەمیری هۆشەنگەکانی خاکی ئێران، کە بەناونیشانی (چیرۆکی جوان بۆ منداڵی جوان) و(چیرۆکی ئاڵتونییەکان) و .... تاد، کە دەبێت ڕووبەڕووی ببینەوە.

ئەو بە قووڵی لەو باوەڕەدا بوو، کە دەبێت منداڵان و نەوجەوانان و لاوان بە زمانێکی سادەو ڕەوان و ئاشنای واقیعەکانی ژیان و ژینگەی خۆیان بکرێن و لە دروستکردنی دنیایەکی (جوانی لە خۆوە وتن) و (خەون) دوورەپەرێزبکرێن.

بەمشێوەیە بەدرێژایی ژیانی مامۆستایەتی، سەرگەرمی کۆکردنەوەو چاپکردنی (ئەفسانەکانی ئازەربایجان) نوسینی (11) چیرۆك و کۆمەڵە



وتارێکی زۆر بوو، بەمەش وەرزێکی نوێ لە ئەدەبیاتی چیرۆك و فێرکردنی بۆ منداڵان و نەوجەوانان کردەوە، بێگومان (کوڕە چەوەندەر فرۆشەکە)، (24) سەعات لە نێو خەوی بێداری)، (ئۆڵدزو بووکە شوشەی قسەکەر)، کوێر ئۆغلی و کەچەڵ هەمزە، هەزار قۆخ، ئەفسانەی خۆشەویستی، کەچەڵی کۆتر باز) و سەرئەنجام (ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە) لە مێژووی نوێی ئەدەبیاتی نوێی ئێراندا بەبەرزی دەمێنێتەوە، ئەمەش بۆ خۆی یەکێکە لە سیمبوڵەکانی بەجاویدانبوونی سەمەد، وەکو پێشڕەوی ئەدەبیاتی چیرۆکی منداڵان و نەوجەوانان.

سەمەد لەم نوسینەدا بەوردبینیەکی کۆمەڵناسانەو دەروونناسانەوە خۆی بەدووردەگرت لە پێدانی بابەتی نامۆو نائاشنا بەمنداڵان و نەوجەوانان و لاوان و ڕووداوی چیرۆکەکانی بەشێوەیەك دادەڕشت و دەگەیاندە کۆتایی، کە زۆر نزیکبوو لە ژیانی ڕاستەقینەو دنیای نێو ناخی خوێنەرو منداڵانی هەژارو بەشمەینەت، کە هەمیشە (ستەمی دوو هێندە) باری شانی قورسکردوون، زۆر بە ئاسانی خۆیان لە (ئۆڵدزو قەلەڕەشەکانی)دا بە ناوەڕۆکێکی لێوڕێژ لە خۆشەویستی دەدۆزنەوە، ژیانی (کوڕە چەوەندەر فرۆشەکە) وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژیانی هەزاران هەرزەکاری بێبەشە، کە هەموو ڕۆژێ لەم سەر کۆڵان، یان ئەو سەر شەقام دەبینرێن، کە بۆ گوزەرانی ژیانی خێزانەکانیان بەرپرسیاریەتێکی ناچاری لەسەر شانیانە، (24 سەعات لەنێوان خەوو بێداریدا) ڕوانینێکە بۆ دوو دنیای تەواو جیاوازو نادادپەروەرانەی مرۆڤەکان، کە سیمای چڵکنیان بە ئاسانی دەتوانرێت لە پشت هەموو پەنجەرەیەکەوە ببینرێت.

خوێنەرانی (کوێر ئۆغلی و کەچەڵ هەمزە) لەکاتی خوێندنەوەدا، هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ خەبات و ململانێکاندا، دەچنە پێش و خۆیان بەهاوتای (کوێر ئۆغلی) دەزانن لەشەڕکردن دژ بە ستەم و قەڵانشینان و بەشکستەکانیان نیگەران دەبن و بەسەرکەوتنەکانیشیان خۆشحاڵ دەبن.

پایەداری و هەوڵدان و جەنگان لەگەڵ ستەم و زۆرداریدا، هاودەمی و هاوڕۆژی، راکردن لە فێڵکردن و تەڵەکەبازی لە توخمە پێکهێنەرەکانی ناوەڕۆکی نوسینەکانی (سەمەد)ن، کە لەسەرجەم نوسینەکانیدا بەباشی دەردەکەوێت، ئەو لەبارەی فۆرمی چیرۆکەکانییەوە، دەڵێ"پێویستە بۆ گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی شادو پڕ بەختەوەری، هەمیشە لە جوڵەو هەوڵ و گەڕاندا بین و ئەم شادی و بەختەوەرییەمان بۆ هەموو منداڵانی دنیا بوێت"

روون و ئاشکرایە کە ئەو بە قەڵەمە کاریگەرەکەی، کلتورو نەریتە داڕزیوەکانی کۆمەڵی دەخستەبەر نوکی رەخنە، ئەمە ناوەڕۆکی کۆمەڵایەتی دیدگای سەمەدو ئامانجی ململانێ خوازانەی ئەو بوو لە رووبەڕووبونەوە بەم دنیا نایەکسانییەی، کە لە دیالۆگی کارەکتەری چیرۆکەکانییەوە دەبنە ناونیشان، ئەگەرچی دەربڕینێکی منداڵانەی هەبوو، بەڵام بۆ گەورەکانیش سەرنجڕاکێش و فێرکارانە بوو، تا ئەو رادەیەی کە توێژی بەتەمەنیشی لەدەوری خۆی کۆکردبۆوەو سەمەدی لە نوسەرێکی پەتی ئەدەبی منداڵان و نەوجەوانانەوە بەرزکردەوە بۆ رەخنەگرێکی وردبینی کۆمەڵایەتی.

ئەو لە رەوشە زەمەنی و شوێنیەکانی کۆتایی ساڵانی شەستدا و لە لوتکەی بەهێزی شاو ساواك دا، دەهۆڵ کوتەکانی (شۆڕشی سپی شاو خەڵك) بەسود وەرگرتن لەم جۆرە ئەدەبیات و زمانی نوێگەرانەی نوسینەکانی، خۆی لەژێر چەقۆی سانسۆر دەربازکردو رێگەیەکی بۆ ناو کۆمەڵ کردەوە، بەشێوازێك خەڵکی پێشوازیێکی بەرچاویان لێکرد.

بەم شێوەیەش چیرۆکە منداڵانەکانیشی لە زانکۆ و شوێنە گشتیەکاندا، لەنێوان لاوان و نەوجەوانانداا، دەستی بەدەستی دەکردو هەر ئەو پێشوازییە گشتییەش بوو، دەزگای دۆزەخی ساواك بڵاوکردنەوەی سەر لەنوێی بەرهەمەکانی قەدەغەکردو هەر لە لوتکەی ئەو پێشوازییە گشتیەداو ناسینی لە کۆمەڵدا، وەکو رۆشنگەرێکی خەباتگێڕو خۆشەویست، گیان و دەروونی لەنێو شەپۆلەکانی چۆمی ئاراسدا بووە ئەفسانەو ماوەیەکی کەمیش لەدوای ئەم مردنە کتوپڕەی دواهەمین چیرۆکی (ماسییە ڕەشە بچکۆلەکە) لە پێشانگای (بولون) لە ئیتاڵیا (1969)دا، هەروەها لە پێشانگای (بێ نیال براتیسلاڤا) لە چیکۆسلۆڤاکیادا خەڵاتی ئاڵتونی پێبەخشرا.

گەرچی سەمەد لە ژیاندا نەماوە تاوەکو بنوسێ، بەڵام ئەو میراتێکی دەوڵەمەندو فرە رەهەندی لەدوای خۆی بەجێهێشت، کە ئەوی بۆ هەمیشە بەجاویدانی و زیندوویی هێشتەوە، رێبوارانی سەمەد گەلێك زۆرن، کە درێژە بە رێبازەکەی بدەن، (بزوتنەوەی مامۆستایان)و چوونە نێو خەڵکی هەژارو گرنگیدان بە منداڵان و نەوجەوانان و نەوەی نوێ، کە ئەو پێشڕەوی بوو، شێوازێکی دیکەو گیانێکی تازەی وەبەر خۆی نا، رووناکبیران و قەڵەم بەدەستانی تریش، رێگەی سەمەدیان گرتەبەرو نەوەیەکی تر لە سەمەدەکان لەدایکبوون.

عەلی ئەشرەف دەرویێشیان بۆ وێنەکێشانی ژیانی کلاش دروەە کرماشانییەکانی وەك (نیاز علی نەدارد، کاکە موراد، نەسیمی خاکساری، مەنسوری یاقوتی) لەگەڵ (جوتیاران)ی (داریوش عیباد ئیلاهی .... هتد) کە ئەم مەیدانەیان گرت، هەمووی کاریگەری سەمەدو نوسینەکانیان لەسەر بوو.

لەساڵی (1977)دا بەتوندبوونەوەی بزوتنەوەی خەڵکی و ڕاپەڕینی خەڵکی، سەر لەنوێ نوسینەکانی سەمەد جارێکی تر بە تیراژێکی زۆر چاپکرانەوەو خوێنەرانیش بە گەرمی پێشوازییان لە بەرهەمەکانی کرد.

ئەم رەوەندە تا ساڵی (1981) درێژەی کێشا، واتە تا ئەوکاتەی کە رژێم دەستیانکرد بە کتێب سوتاندن و داخستنی زانکۆو پەیمانگاکان.

جارێکی تر بەرهەم و نوسینەکانی سەمەد، تەنانەت وێنەکانیشیان سوتاندو چاپکردن و فرۆشتنیانی قەدەغەکرد، بەدڵنیاییەوە تا نادادپەروەری لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەردەوام بێت، کە وایکردووە بەشێکی گەورە لە دانیشتوان بەدەردی هەژارییەوە بناڵێنن، سەمەدو بەرهەمەکانی بە زیندویی دەمێننەوە.

ئێستاش وێنەکانی بەو کڵاوە خورییە ئازەرییەو سیما تێکسمڕاو و بێ ئارایشتەی دەستاو دەست دەکات.

سەمەد جارێکی تر هەڵدەستێتەوە، چونکە ئەو پاکیزەیەو قەقنەسی ژیان و خەباتەو لە ئاگرێکی تردا لەباڵدەدات.

**سەرچاوە:**

- جهان أمروز، ژمارە (67)، سێپتەمبەری (2001).

سەمەد بیهرەنگی

